## مونا قەهوەچی: تورکمان زیاتر لە کورد پێویستییان بە دەوڵەتی کوردستان هەیە

# بارزانی خەمخۆری هەرێمی کوردستانە و هەوڵدەدات کوردستان ببێت بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ

**خەبات: عومەر ئاوارە**

مونا قەهوەچی، سەرۆکی فرکسیۆنی پارتی چاکسازی پێشکەوتنی تورکمان لە پەرلەمانی کوردستان لە دیمانەیەکی تایبەتی خەبات باس لەسەر هەندێک لایەن دەکات کە هەوڵ دەدەن مافی تورکمان پێشێل بکەن و ڕاشیدەگەیەنێت کە تاکو هێزی پێشمەرگە مابێت پێویستییان بە هیچ هێزێکی دیکە نییە بۆ ئەوەی پێداگری لە سەر مافەکانی تورکمان لە ناوچە تورکمان نشینەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بکات.



*** بۆچوونتان لەسەر هەوڵەکانی بزوتنەوەی گۆڕان بۆ چارەسەرنەکردنی کێشەکانی هەرێمی کوردستان چییە؟**

– بۆچوونی پارتی چاکسازی پێشکەوتنی تورکمان لەگەڵ فراکسیۆنەکەی لە پەرلەمانی کوردستان لە سەر ئەوەیە کە هەر لایەنێک توانی کێشەکانی هەرێمی کوردستان چارەسەر بکات ئەوا ئەو لایەنە خەمخۆری هەرێمی کوردستانە، بەڵام دەسەڵاتەکانی بزووتنەوەی گۆڕان زیاتر پەیوەستە بە پۆستەکان و بەرژەوەندییەکانی خۆی، واتا بەرژەوەندی تایبەتمەندی خۆی لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکانی دیکەوە دەبینێت، ئەو نایەوێت کێشەکان چارەسەر بکرێت و پێدادەگرێت لەسەر پۆستی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کە لە لایەن زۆرینەی پەرلەمانتارانەوە پێیان باش نییە یوسف محەمەد بەردەوام بێت لەو پۆستە، بێگومان ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان بیر لە ئایندەی خەڵک بکاتەوە و بیر لە ئایندەیەکی گەش بۆ هەرێمی کوردستان و بۆ تێپەڕاندنی ئەم بارودۆخە نەخوازراوە و بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی بکاتەوە و هەنگاو بنێت لەگەڵ لایەنەکانی دیکە و ئەستەم بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی دروست نەکات ئەوە دەچێتە قاڵبی بەرژەوەندی گشتییەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەوا دەچێتە قاڵبی بەرژەوەندی تایبەتییەوە، ئێمەی تورکمان پێداگری لەوە دەکەین کە ئەگەر هات و هەر پۆستێک ببێتە مایەی دروستبوونی کێشە و ئەزموونی هەرێمی هەرێمی کوردستان نەپارێزێت و ڕێزی لایەنە کوردستانییەکان نەگرێت بێگومان ئێمەش پێداگری لێناکەین کە وەکو یوسف محەمەد بەردەوام بێت وەک سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.

*** بەرای ئێوە کێ خەمخۆری ڕاستەقینەی هەرێمی کوردستانە؟**

– بەرای ئێمەی تورکمان هەنگاو و پەیامەکانی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە تێدا ئاماژە بە ڕێزگرتن لە لایەنە سیاسییەکان دەکات بە تایبەت لایەنە سیاسییە تورکمانەکان و چارەسەرکردنی کێشە چەقبەستووەکان و تەنها بزوتنەوەی گۆڕان نەبێت کە بە هیچ شێوەیەکی فەرمی یەک شتی لە بارەی چارەسەرکردنی کێشەکانەوە ڕانەگەیاندووە بەبێ ئەوەی مەرجی پێشوەختی هەبێت، بەرای ئێمە وەکو تورکمان مەسعود بارزانی خەمخۆری هەرێمی کوردستانە و هەوڵدەدات کە کوردستان ببێت بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ و هیواداریین کە بەشداریکردنی بەرێزیان لەم کونگرەیەی کە لە ئێستا لە وڵاتی ئەڵمانیا بەرێوە دەچێت ببێتە دەرفەتێک بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی چونکە تورکمان زیاتر لە کورد پێویستییان بە دەوڵەتی کوردی هەیە.

*** ئێوە لەگەڵ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستانی دان؟**

– بەڵێ، بەڵام دەبێت یەکەمینجار ریفراندۆم ئەنجامبدرێت و دواتر ئەو هاوڵاتییانەی کە دانیشتووی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانن بە تایبەت تورکمانەکان دەبێت ئەوانیش بەشداربن لەو ریفراندۆم و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردییە، چونکە ئێمە وەکو تورکمان بەشێکی زۆری هاوڵاتییانمان لەو ناوچانەن و دەبێت ئەو ناوچانەی بگەڕێندرێنەوە سەر هەرێمی کوردستان.

*** پەیامتان چییە بۆ ئەو تورکمانانەی کە دژی گەڕانەوەی کەرکوک و ناوچەکانی دیکەن بۆ سەر هەرێمی کوردستان؟**

– گەڕانەوەی ئەو ناوچانە، بە تایبەت کەرکووک بۆ سەر هەرێمی کوردستان بە باشی دەزانین و خۆیان لەوبارەیەوە بڕیار بدەن کە ئایا گەڕانەوەیان لە بەرژەوەندییان دایە یاخود لە بەرژەوەندییاندا نییە، چونکە دانیشتووانی ئەو ناوچانە دەتوانن بڕیاری ڕاستەقینەی خۆیان بدەن، ڕاستە کە تاکو ئێستا تورکمان نەیتوانیوە زۆرینەی مافەکانی بە دەستبهێنێت، ئەویش بەهۆی قەیرانی دارایی و شەڕی داعش و قەیرانی سیاسی، بەڵام یەک شت لە هەرێمی کوردستان هەموومان کۆدەکاتەوە ئەویش سەقامگیری ناوچەکەیە لە ڕووی ئەمنییەوە، ئەو تورکمانانەش کە دژی گەڕانەوەی کەرکووک و ناوچەکانی دیکەن بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەبێت ئێمە قەناعەتیان پێ بکەین کە گەڕانەوەی ئەو ناوچانە لە بەرژەوەندی ئەوانیش دایە و تێدا مافەکانیان لە هەموو ڕوویەکەوە پارێزراو دەبێت و دەبێت تورکمان لە دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان شەریک بێت لەبەر ئەوەی پێکهاتەی دووەمی هەرێمی کوردستانە.

*** چۆن دەڕوانن ڕۆڵی هێزەکانی پێشمەرگە؟**

– زۆر بە داخەوە کە لە لایەن حکوومەتی عێراقەوە پێشمەرگە پشتگوێ خراوە و وەکو هێزێکی فەرمی مامەڵەیان لەگەڵ ناکرێت، کەچی ئەو هێزە توانیویەتی بە هاوکاری وڵاتانی هاوپەیمانان تیرۆریستانی داعش ببەزێنن و مافی نەتەوە و ئاینزاکانیشی پاراستووە و بەرگری لێکردوون، هیواخوازین کە زیاتر بایەخ بەم هێزە بدرێت و ئێمەی تورکمانیش شانازیبیان پێوە دەکەین، چونکە گەر هێزی پێشمەرگە نەبوایە ئەوا ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان زیاتر مەترسیی داعشیان لە سەر دەبوو.

*** مامەڵەکردنی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئێوەی تورکمان چۆنە؟**

– مامەڵەکردنی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکمانەکان تا ڕادەیەک زۆر باشە، بەڵام لە ڕووی پلە و پایەوە و بە شەریکیرکردن لە ئێستادا هەندێک لایەنی سیاسی هەن نەگەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە تورکمان پێکهاتەی دووەمە لە هەرێمی کوردستان، چونکە تورکمان مافی خۆیەتی کە شەریک بێت لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان نەک بە تەنها بە یەک پۆست بەشدار بێت، بۆیە ئێمە لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان داواکارین کە لە کابینەی داهاتوودا مەسەلەی تورکمان بە هەند وەربگیرێت و بکرێتە شەریک بە بە یەک پۆست بەشداری پێبکرێت کە ئەوەیش لە خواستیدا نەبێت.

*** کێن ئەو لایانەی کە دژایەتی ئێوەی تورکمان دەکەن؟**

– ئەو لایەنانەی کە پرۆژەیەکیان بۆ سەنتەری میری ئامادە کردووە و هەوڵی ئەوەدەدەن کە پەرلەمانێکی دیکە لە دەرەوەی پەرلەمانی کوردستان بە ناشەرعییەوە دروستبکەن و شەرعییەتی پێبدەن بۆ تێپەڕاندنی ئەم دۆخە بۆ پڕکردنەوەی کۆتای کورسییەکان و دانانی مەرجی قورس و زۆر زۆر ئەستەم لە پێش ئێمەی تورکمان کە ئەوەش دەبێتە هەوڵێک بۆ لەناوبردنی پێکهاتەکان، ئەوانەش ئەو پرۆژەیەیان پێشکەشکردووە سەر بە بزووتنەوەی گۆڕانن کە ئەو پرۆژەیە بە هیچ شێوازێک لە بەرژەوەندی تورکمان و مەسیحی و کلد و ئاشووری و ئەرمەنییەکان نییە و ئێمەش پێداگری ئەوە دەکەین کە ئەو پرۆژەیە بە هیچ شێوەیەک تێپەڕ نەبێت و لەو بارەشەوە ئاگاداری نەتەوە یەکگرتووەکانیشمان کردۆتەوە بۆ ئەوەی نەگاتە ئەوەی کە پێکهاتەی ئاین و ئایینزاکان لە ناو ببرێت.

---

# هەدەپە ئەنجامەکانی ریفراندۆمی تورکیا ڕەتدەکاتەوە

پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) ڕەخنە لە شێوازی ریفراندۆمەکەی تورکیا دەگرێت، بە گوتەی هەدەپە ساختەکاریی لە ریفراندۆمەکەدا ئەنجامدراوە و بەهۆیەوە ئەنجامەکە گۆڕاوە. لەمبارەیەوە مەدحەت سەنجار، پەرلەمانتاری بازنەی مێردینی هەدەپە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا بەناوی فراکسیۆنەکەی ڕایگەیاند: ساختەکاری گەورە لە ریفراندۆمی هەموارکردنەوەی دەستوور کراوە و دەنگە ساختەکان پرۆسە و ئەنجامەکەیان گۆڕی. بەبڕوای سەنجار دەنگە ساختەکان بە بەرنامە هەژمارکراون و ریفراندۆمەکە بەشێوەیەکی نایاسایی بەڕێوەچووە، بۆیە کەمترخەمییەکی زۆر لە شەرعییەتی ریفراندۆم هەیە. ئەو پەرلەمانتارەی هەدەپە ڕاشیگەیاند: پسوولە بێ مۆرەکان باشترین بەڵگەن لەسەر ناشەرعیبوونی گشتپرسییەکە و ئەگەر کۆمیسیۆن ریفراندۆمەکە هەڵنەوەشێنێتەوە، ئەوا خۆی لەکەدار دەکات.

ئەنجامی ریفراندۆمەکەی 16ی نیسانی ڕابردوو کە دەنگی بەڵێ براوە بوو، کاردانەوەی لێکەوتەوە و هەردوو پارتی هەدەپە و جەهەپە کە پاڵپشتی دەنگی نەخێر بوون، شەرعییەتیان بە ئەنجامەکە نەدا، لە چەند شار و شارۆچکەیەکی دیکەش بەفەرمی و ئاسایی تانە لە ئەنجامەکان درا و زۆرێک لە تانەکان بە نووسراو ئاراستەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی تورکیا کران. دوای ڕاپرسییەکەش عوسمان بایدەمیر، گوتەبێژی هەدەپە ڕایگەیاند: ریفراندۆم لە کەشێکی نەگونجاو و لەژێر گوشاری باری نائاسایی ئەنجامدرا. نەخێر سەرکەوت چونکە دەسەڵات هەموو توانایەکی بەکارهێنا، وێرای هەموو جۆرە ساختەکاری و گوشار و هەڕەشە و کاری نایاسایی بێسنوور، ئینجا 51%ی دەنگەکانیان بەدەستهێنا. لەبەرانبەریشدا ئاکپارتی و مەهەپە کە لەگەڵ دەنگی بەڵێ بوون، ئەنجامی ریفراندۆمەکە قبووڵ دەکەن.

---

# دینداری زێباری: جگە لە ئاوارە و پەنابەران نەخۆش و بریندارەکانی سوپای عێراق لە هەرێمی کوردستان چارەسەر دەکرێن



ماوەیەکە هەندێک لە ڕێکخراوەکان ئاماژەیان بەوە کردووە کە لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکوومەتی هەرێم ئامادە نین چارەسەری ئەو کەسانە بکەن کە ڕووبەڕووی هەندێک نەخۆشی و حاڵەتی تایبەت بوونەتەوە و ئەگەریش کردبێتیان لەو ئاستەدا نەبووە کە پێویستە ببێت. سەبارەت بەم بابەتە د. دیندار زێباری سەرۆکی لیژنەی هەڵسەنگاندن و وەڵامدانەوەی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان ڕایگەیاند کە هاتنی ئاوارە و پەنابەران بارگرانییەکی زۆری لەسەر هەرێمی کوردستان دروستکرد لە هەموو ڕوویەکەوە لەوانەش داو ودەرمان و زیاتر گوتی: دوای ڕووداوەکانی سووریا و هێرشی داعش بۆ سەر چەند ناوچەیەکی و هاتنی ژمارەیەکی زۆری پەنابەر و ئاوارە بۆ کوردستان، حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لێکردن و لە هەموو ڕوویەکەوە بەپێی توانا هاوکاری کردوون لەوانەش لە ڕووی تەندروستییەوە تواناکانی خۆی خستە گەڕ بۆ یارمەتیدانیان لە سەرەتادا خزمەتگوزارییە تەندروستییە پێویستەکانی پێشکەش کردن لە شوێنی نیشتەجێکردنیان بۆ پاراستنی ژیانیان. زێباری ئەوەشی خستە ڕوو کە دوای نیشتەجێکردنی ئاوارە و پەنابەران لە کەمپەکان لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکوومەت بەردەوام لە پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری پێویست بۆیان و لەمبارەوە گوتی: لە سەرجەم کەمپەکان بنکەی تەندروستی هەیە کە هەموو خزمەتگوزاریەکی پێویست لە خوپارێزی و چارەسەرکردن پێشکەش دەکات، بۆ ئەو حاڵەتانەی کە لە بنکە تەندروستییەکان چارەسەر ناکرێن ئەمبولانس دابین کراوە بۆ ڕەوانە کردنی نەخۆش بو نەخۆشخانەکانی ناو شارەکان، و چەند نەخۆشییەک هەیە پێشبینی کراوە و تومار کراوە. زێباری ئەوەشی ڕوونکردەوە کە دوای دەستپێکردنی پرۆسەی ئازادکردنی مووسڵ ژمارەیەکی زۆری ئاوارە ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردوو و بە پێی ئامارەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان لە دوای دەستپێکردنی پرۆسەی ئازادکردنی مووسڵ تا ڕۆژی 2017/3/20 زیاتر لە (255) هەزار کەس لە موسڵ دەوروبەری ئاوارە بوون و شوێنەکانی خۆیان جێهێشتووە و بەشێکی زۆریان ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە و لەو کەمپانە نیشتەجێکراون کە بۆ ئەو مەبەستە ئامادە کراون بەتایبەتی کەمپەکانی حەسەن شام و خازر. بێگومان ژمارەیەکی زۆریان منداڵ و بە ساڵاچوون و پێویستیان بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان هەیە. سەرۆکی لیژنەی هەڵسەنگاندن و وەڵامدانەوەی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان لە بارەی بریندارانی شەڕی موسڵ گوتی: ڕۆژانە بە بەردەوام بریندارانی پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵ ڕوو لە نەخۆشخانەکانی هەرێم دەکەن بۆ چارەسەر کردن بۆ نموونە بەپێی ئامارەکانی سەنتەری پرۆسە مرۆییەکان (OCHA) لە ڕۆژی 2016/10/17 تا 2017/3/12 ئەو بریندارانەی پرۆسەی ئازاد کردنی موسڵ کە تەنیا لە نەخۆشخانەکانی شاری هەولێر چارەسەریان وەرگرتووە (1693) کەس بوون لەگەڵ (15) برینداری چەکی کیمیاوی کە لە موسڵ بەر هێرشی کیمیاوی تیرۆریستانی داعش کەوتبوون جگە لە هاوکاری بەردەوام بۆ ئاوارە و پەنابەران بەمەش بەشێکی زۆری ئەو دەرمان و پێداویستییە پزیشکییانەی بۆ کوردستان دێن، بۆ ئاوارەکانی موسڵ و ناوچەکانی دیکە بەکاردێن.

---

# لەبارەی پرۆسەی ریفراندۆمی تورکیا.. دی میریز داوای ڕوونکردنەوەی بە پەلە لە تورکیا دەکات

**ئاژانسەکان- کارزان حەیدەر:**

چاودێرانی نێودەوڵەتی گومانی خۆیان ئاشکرا کرد لەسەر ئەو2 ملیۆن و نیو دەنگەی نا یاساییەی لە ڕاپرسیەکەی تورکیا نا پاکی پرۆسەکەی ئاشکرا کرد. وەزیری ناوخۆی ئەڵمانیا ئامۆژگاری ئەنقەرە دەکات بەوەی ڕوونکردنەوەی بە پەلە بدات لەبارەی پرۆسەی دەنگدانی ڕۆژی یەکشەممە.

ئەلیف کۆرۆن کە یەکێکە لە نێردراوانی ئەنجومەنی ئەوروپا وەک چاودێر بۆ پرۆسەی دەنگدانەکەی تورکیا جەخت لەوە دەکاتەوە کە چەندین سەرپێچی بە چاوەکانی خۆی بینیوە،کۆرۆن بۆ دەستەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی نەمسا ڕۆژی سێشەممە 18ی ئێپریلی 2017 گوتی: ڕەنگە ئەو سەرپێچیانە بتوانێ ئەنجامەکانی ڕاپرسی تورکیا بگۆڕێ کە ڕۆژی یەکشەممە ئەنجامدراو تێیدا بە جیاوازیەکی زۆر کەم لە بەرژەوەندی ئەوانە تەواو بوو کە دەنگیان بۆ هەموارکردنەوەی دەستووردا بۆ ئەوەی دەسەڵاتێکی فراوانتر بە سەرۆکی وڵات بدات. کۆرۆن کە لە هەمان کاتتدا ئەندامی پەرلەمانی نەمسایە گوتی: گومانەکانمان لەو یاری کردنە بە دەنگەکان دروست بوو کە گەیشتنە دوو ملیۆن و نیو دەنگ، کۆرۆن زیاتر گوتی: یاسا تەنها ئەو دەنگانە ئەژمار دەکات کە کارتی دەنگدانی فەرمین، بەڵام بەرزترین دەسەڵاتی هەڵبژاردن لەو وڵاتە بڕیاریدا، ئەو زەرفانەی کە مۆری فەرمیان لەسەر نەدرابوو و ئەژماریان کرد،یاسایی نیین.



ڕەجەب تەیب ئەردۆگان ئەو ڕەخنانەی چاودێرانی نێودەوڵەتی ڕەتکردەوەو بە عەقڵیەتی سەلیبی ڕۆژئاوا وەسفی کردن. لەبەر ڕۆشنایی ئەو گۆڕانکاریانە وەزیری ناوخۆی ئەڵمانیا بۆ ڕۆژنامەنووسانی ناوخۆ گوتی: لەسەر ئەنقەرەیە کە ڕوونکردنەوەی پێویست بدات لەبارەی پرۆسەی دەنگدانەکە،دی میریز بۆ ڕۆژنامەی ڕانیشە پۆست گوتی: پێویستە ئێستا و زۆر بەخێرایی ڕەجەب تەیب ئەردوگان ڕوونکردنەوەی پێویست بدات ئەگەر پرۆسەکە پاک و بێ سەرپێچی بووە،لەبەر ئەوەی بارودۆخی تورکیا بەهۆی ئەو سەرپێچیانەوە خراپ بووە،میریز هیوای خواست تورکیا مامەڵەیەکی ئەقڵانی لەگەڵ ئەنجامی ڕاپرسیەکە بکات. لەو چوارچێوەدا پارتی گەلی کۆماری عەلمانی کە ئۆپۆزسیۆنی سەرەکییە لە تورکیا،لە بەیاننامەیەکدا ڕۆژی سێشەممە ڕایگەیاند: داوایەک ئاراستەی لیژنەی باڵای هەڵبژاردن دەکات کە ئەنجامی هەڵبژاردنەکە بەتاڵ بکاتەوە، ئەو هەڵبژاردنەی تێیدا دەسەڵاتەکانی ڕەجەب تەییب ئەردوگان فراوانتر دەکات. پارتی گەلیش گوتی: جێگری سەرۆکەکەی بولنت تزجان تانەیەک ئاراستەی لیژنەی باڵا دەکات و تێیدا داوا دەکات ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بەتاڵ بکرێتەوە، ئەو تانەیەش لە دادگای مرۆڤی ئەوروپا دەنووسێ.